# یەکگرتووی ئیسلامی و ئۆپۆزیسیۆنبوون

سەمیر سەلیم

(ئیسلامییەکان دەزانن چییان ناوێت، بەڵام نازانن چییان دەوێت).

"مونیر شەفیق"

پاش یەکلابوونەوەی هەڵوێست و بریاری سەرکردایەتیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان سەبارەت بە بەشداریکردنی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و رازیبوونی بە دوو پۆستی موتەوازیع، چەندین پرسیاری جۆراوجۆری وروژاندووە و خوێندنەوەی لەیەکجیاوازی بۆ کراوە و هەریەك بە جۆرێك تەفسیری ئەم بریارەی سەرکردایەتیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان دەکات، هەندێکی نیگەران کردووە و هەندێکی تری تووشی دڵەراوکێ و سەرسامی کردووە، هەروەك خەڵکانێکی تری تووشی شادومانی کردووە کە دواجار یەکگرتووی ئیسلامیی بوو بە تەڵەکەوە..

* **یەکگرتووی ئیسلامی گۆڵی لێ کرا؟!**
* یەکگرتووی ئیسلامی هەلی رێبەرایەتیی موعارەزەی لەکیس چوو؟!
* **یەکگرتووی ئیسلامی بۆ ئیمتیازات دەستبەرداری پرۆژەی چاکسازی بوو؟!**
* **یەکگرتووی ئیسلامی مسداقیەتی خۆی لەدەستدا؟!**
* **یەکگرتووی ئیسلامی خۆراگر نەبوو لە بەرامبەر دەسەڵاتداران؟!**

ئەمانە گرنگترینی ئەو پرسیارانەن کە ئاراستەی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان دەکرێن و سەرجەمیان خەمیان لێ دەتکێ و ترسیان لە دوارۆژی یەکگرتووی ئیسلامی و پرۆژە و ستراتیژیەتی گۆران و چاکسازییەتی. هەموو ئەمانە دەبێ لەلایەن سەرکردایەتیی یەکگرتووەوە بنرخێنرێن.

ئەم پرسیارانە شرۆڤەکردن و لێتوێژینەوەی ورد و قووڵی دەوێت و دەبێت ئێمە بزانین چیمان لە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان دەوێت؟ و بە چ پێوەر و میزانێك ئەو ئەرکە لە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان داوا دەکەین؟ نەبادا بکەوینە حوکمدانێکی ناراست و نارەوا و پرۆژە و ئەزموون و ستراتیژییەکەمان بە هەڵەدا ببەین، مەترسیدارترین قەزیە لە سەر بزاڤ و تەوژمێکی کۆمەڵایەتی و فکری کە ئومێدی گۆرانکاری و چاکسازیی لێ بکرێت، بە هەڵەدا بردنیەتی! چونکە ئاسان نییە ـ ئەگەر نەڵێم لە (مستحیلات)ە ـ دەستگرتن بە سەر بزاف و تەوژمە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەڵام بە هەڵەدابردن ساناترین رێگەیە و بێ بەرهەمکردنی ئەو پرۆژەیەیە کە ئەو بزاڤ و تەوژمە هەڵگرێتی و کۆتاییهێنانی ئەو ستراتیژەیە کە ئەو بزاڤ و تەوژمە تەبەننیی کردووە و لە سەری دەروات.

دەبێ ئێمە بزانین لە چ قۆناغێکی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیداین؟ گۆرانی کۆمەڵایەتی لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت؟ لە نێو کام زەمینە و کەش و هەوای سیاسیدا کار دەکەین؟ کارگەرەکان کێن؟ سەرمایەی کارەکە چییە و چەندە؟ هەموو ئەو پرسیارانە گرنگە لە خۆمانی بکەین پێش ئەوەی رۆڵ و ئەرکی یەکتر دیاری بکەین و حوکمی دەرەنجامی کارەکانمان بدەین، سەرکەوتن و شکست یان باش و خراپیی هەڵوێست و بریارەکانمان دەستنیشان بکەین، چونکە لە هەندێك حاڵەتی نادروستدا کار و بریاری نادروست دروست دەبێت، بەڵام لە حاڵەتە دروستەکاندا نادروست دەبن. بۆ ئەوەی بتوانم وردتر و روونتر قسە لەم مەسەلەیە بکەم و، لە پێناو وێناکردنی مەسەلەکەدا ئەم نمونەیە عەرز دەکەم:

هەتا بتوانین تەلارێك یان ئاپارتمانێك دروست بکەین، پێویستمان بە سەرمایەیەکی زۆر هەیە لەگەڵ ئەندازەگیری و نەخشەیەکی شایان، لە پاڵ ئەمانەشدا کارگەر و کەرەستەی بیناسازیی شیاومان دەوێت لەگەڵ مۆڵەتی شارەوانی، لە سەرووی ئەمانەشەوە زەمینەی تۆکمەمان ئەوێت کە بەرگەی قورسایی ئەو تەلارە بگرێت، خۆ ئەگەر زەوییەکەی فشەڵ بێت، ئەوا ئەندازیاری کارامە هەڵدەستێت بە هەڵکەندنی ئەو زەوییە هەتا دەگاتە پتەوی، کە گەیشتە پتەوی یان نا، بۆ زیاتر دڵنیابوون لە کارەکەی بە سەب و شیش و خەرەسانە بناغەکەی دادەرێژێت پاشان وردە وردە دەست بە تەواوکردنی تەلارەکە دەکات، خۆ ئەگەر زەوییەکە لە قوڵاییدا ئەشکەوتی تیابوو و لە رووی جیۆلۆجییەوە بە کەڵکی ئەو تەلارسازییە نەهات، ئەوا بێگومان پرۆژەکە قسەی تری لە سەر دەکرێت، ئیتر کاتێك پرۆژەکە بە ئاراستەیەکی تردا رۆیشت خاوەن پرۆژەکە (تەلارەکە) لۆمە ناکرێت لە سەر ئەوەی نەیتوانی پرۆژەکەی جێبەجێ بکات و لە قسەی خۆی پەشیمان بووبێتەوە؟! بەڵکو لوتکەی عەقڵانیەت و زانستیبوون بووە کە ئەو پرۆژەی بە ئاراستەیەکی تردا بردووە نەبادا زەرەر و زیانێکی گەورە بەر سەرمایەی نیشتمانی و نەتەوەیی بکەوێت لە میانەی ئەو سەرمایەگوزارەوە کە دەیەوێت خزمەت بەو میللەتە بکات؟! ئەمە نیشانەی دڵسۆزی و راستگۆیی ئەو سەرمایەگوزارەیە لەگەڵ میللەتەکەی خۆیدا.

هەموو لامان دەزانین کە ئێستا میللەتی کورد لە کوردستانی عێراقدا لە قۆناغی پێکەوەنانی ئەزموونی سیاسیدایە، کە زەمینەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابووری و سیاسیی لەباری دەوێت کە لە ئەنجامی هاوسەنگیی هاوکێشەکاندا رێك دەخرێت، ئەم زەمینە و کەش و هەوا سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییانەش پەیوەستن بە کەش و هەواکانی دەرەوەی خۆیانەوە کە لە ئان و ساتدا گۆرانیان بەسەردا دێت، ئیدی بە پێی ئەم گۆرانکارییانە شێوازی جێبەجێکردنی پرۆژەی

پێکەوەنانی ئەزموونە سیاسییەکە گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەم گۆڕانکارییەش لە جێبەجێکردندا لە پێناو سەرخستنی پرۆسەکەدایە و پاراستنی پرۆژە و ئەزموونەکە لە هەر موزاعەفاتێکی خراپی گۆڕانی کەش و هەواکە، ئەمە یەکەم جارە رێککەوتووە کە ئیرادەی نێودەوڵەتی هاوتای ئیرادەی کورد دەبێتەوە لە نەخشاندنی نەخشی سیاسیی خۆی و پێکەوەنانی ئەزموونێکی سیاسی، هەرچەندە هەردوو ئیرادەکە هاوتای یەکتر بوونەتەوە، بەڵام لە پێشخستن و سەرخستن و سەرکەوتنی پرۆسەکەدا دەبێت رەچاوی ویست و داواکاری و مەرجەکانی ئیرادە نێودەوڵەتییەکە بکرێت، ئەگینا پێکەوەنانی ئەزموونەکە زەمینەکەی لاسەنگ دەبێت و دەرەنجامی نەخوازراو دەبەخشێت، چونکە ئەو هاوتاوبوونە دەرهاویشتەی تەناقوزاتی هاوکێشە نێودەوڵەتی و ئیقلیمییەکانە و ئیرادەی گەلەکەمان هێندە پێگە و جێگەی بە هێز نییە هەتاکو بتوانێت ئیرادە نێودەوڵەتییەکە کەمەندکێش بکات. بە داخەوە دەڵێم ئەوەی پێگەی ئیرادەی میللەتەکەمانی لاواز کردووە، حیزبی دەسەڵاتدارە و ئەو ئەزموونە دەسەڵاتداری و بەڕێوبەرایەتییەی چەند ساڵی رابردوو پێشکەشی کردووە، دەتوانرا لە ماوەی (14) ساڵی رابردوودا ئەزموونێك پێشکەش بکرێت لە عەدالەتخوازی و دیموکراسی و پێکەوەژیان و تەساموح، ئامادەگی و ئیرادەی گەلەکەمانی لە ئاست و شکڵێکی تردا فۆرمەلە بکردایە.

حیزبی دەسەڵاتدار دەیتوانی لە پێناو بەهێزکردنی ئیرادەی گەلەکەمان و سازدانی زەمینەی پێکەوەنانی ئەزموونی سیاسیمان دەستبەرداری خواستە حیزبییەکانی خۆیان ببن و (ماندێلا) ئاسا گەلەکەیان سەرپشك کردایە لە چۆنییەتیی پێکەوەنانی ئەزموونەکەدا، هەتا جەماوەر رۆڵی بناغەیی بگێڕایە لە دیاریکردنی ئەو کارەکتەر و کارگەر و کەرەستە و ئەندازیار و نەخشە و پرۆژانەی کە دەتوانن ئەو ئەرکە مێژووییە لە پێکەوەنانی ئەزموونەکە لە ئەستۆ بگرن.

کاتێك سەرکردەکانمان ناتوانن نمونەی (نیلسۆن ماندێلا)مان پێشکەش بکەن، دەبێت ئەو حیزبانەی لە دەرەوەی بازنەی ئەو سەرکردانەوەن بزانن چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخانەدا دەکەن کە ئەو سەرکردانە بۆمانی ساز دەکەن ..

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان هەر لە سەرەتاوە دەرکی بە هەستیاریی ئەم مەسەلەیە کردووە بۆیە ستراتیژیەتی (شەریکبوون) نەك (بەدیلبوون)ی داڕشتووە و لە مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخە سازکراوەکاندا پەیڕەوی لە سیاسەتی (بەشداریی کاریگەر و موعارەزەی جددی) کردووە لە یەك کاتدا. ئەم ستراتیژیەتە لە گیانی تەساموح و پێکەوەژیانەوە سەرچاوەی گرتووە، لەو رۆحە بەرپرسیارێتییەوە سەرچاوەی گرتووە کە پێکەوەنانی ئەزموونی سیاسی هەمووانی دەوێت و بە تەنها بە لایەك ناکرێت، چونکە دۆزەکە لە هەموان گەورەترە و دەبێت لە کاتی پێکەوەنانیدا هەموان بخوێنرێنەوە و بەشدار بکرێن، بەڵام بەشداری لە چی؟ و بەشداری بۆ چی؟

بەشداریکردن لە پێکەوەنانی ئەزموونی دەسەڵاتدارێتی بەشداریکردنە لە دەرکردنی بڕیاری سیاسی و داڕشتنی میکانیزم و پێوەری دابەشکردنی هەلی کارکردن بۆ هاووڵاتیان و دابەشکردنی داهاتەکانە بە سەر هاووڵاتیاندا بە شێوازی عادیلانە، هەروەك دیاریکردنی ئەرك و رۆڵی هەموانە لەو ساتە مێژووییەدا، هەر جۆرە بەشداریکردنێکی تر بێجگە لەم شێوازە بەشدارییە بەرکارکردنی خەڵکە و پەیڕەوکردنی سیستمی کۆیلایەتییە لە بەڕێوەبردندا نەك دیموکراسیەت. ئەزموونێکیش ئەم شێوازە بەشداریکردنە پیادە بکات دەرفەت و شوێنی موعارەزەبوونی تێدا نییە و لە هیچ فەرهەنگێکدا نەبووە بەشداریکردن لەم جۆرە سیستەمەدا ئیمتیاز بووبێت بۆ بەشداربووان. سیستمێك پەرلەمانەکەی نەتوانێت سادەترین بڕیاری سیاسی بدات کە چۆنیەتیی تەشکیلکردنی حکومەتە، یان پەرلەمانێك نەزانێت باج و خەراج و داهاتی وڵات چەندە و چۆن وەردەگیرێت و بە چ پێوەر و میکانیزمێك دابەش دەکرێت!! یان پەرلەمانێك کە هەندێ لە پەرلەمانتارەکان داوا بکەن با بە شێوازی نهێنی دەنگ بدەین بۆ وەزیرەکان !! دەبێ بەشداری لەو حکومەتەی ئەم پەرلەمانە تەشکیلی داوە ناوی بنێین بەشداری لە دەسەڵاتی سیاسی؟! چاکترین سیاسەتێك لەم جۆرە بەشدارییەدا پەیڕەو بکرێت بریتییە لە سیاسەتی (بەشداریی کاریگەر و موعارەزەی جددی) هەتاکو بەشدارییەکە بکرێتە دەرفەتێك بۆ چاکسازی نەك ببێتە تەکنیکی کۆنترۆڵ یان ئامرازی مۆمیاکردن. پەیڕەوکردنی ئەم جۆرە سیاسەتە دەرخەری دڵسۆزی و گیانی بەرپرسیارێتیی یەکگرتووی ئیسلامییە کە دەیەوێت دۆخەکان بە خزمەتی میللەت و بە رەوگەی چاکسازیدا ئاراستە بکات. ئاڵوگۆڕکردنی شوێنگەی پرۆژەی چاکسازی، لە ناوەوە و دەرەوەی دەسەڵات خزمەتێکی گەورە بە پرۆسەی پێکەوەنانی ئەزموونەکە دەکات لەو ساتەوەختانەی کە دۆخەکان گونجاو نین، دروستکردنی هەلی نموونەییە لە قوڵایی هەل و مەرجە ئاڵۆسکاوەکاندا بۆ چاکسازی، ئەمەش کردنەوەی دەرگایەکی تری سەرکەوتنە بۆ نەوەکانی داهاتوو. کاتێك شوێنگەی پرۆژەی چاکسازی لە دەرەوەی دەسەڵاتەوە (موعارەزە) دەگوازرێتەوە بۆ ناو دەسەڵات (بەشداریکردن) دەرفەتێکی ترە کە دەسەڵات لە گرێی (نەیارێتی) و(دژایەتی) رزگاری بێت و بە لۆژیکی پێکەوەیی بوون و پێکەوەژیان مامەڵە لەگەڵ پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا بکات، ئەم میکانیزمی ئاڵوگۆڕکردنی شوێنگەی پرۆژەکان هەوڵێکی تری یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانە بۆ خزمەتکردنی گەلەکەی، هەرچەندە خۆی زەرەری لێ بکات، چونکە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان قازانجی میللەت بە قازانجی خۆی دەزانێت.

بۆ ئەوەی بتوانین پاکێتی و پاکیزەیی زیهن و رۆحی خۆمان بپارێزین، دەخوازێت هەندێ جار بچینە دەرەوەی خۆمان و لە دەرەوە سەیری ناوەوەمان بکەین و بابەتیانە لێکۆڵینەوە لە سەر خۆمان بکەین، هەتاکو بتوانین دەستنیشانی لاوازی و خراپە ناوەکییەکانمان بکەین و خۆمانی لێ قوتار بکەین و دەستکاریی ئەو هەل و مەرج و هۆکارە دەرەکییەش بکەین کە خراپی و لاوازییە ناوەکییەکانی لێوە سەرچاوە دەگرێت، بەمەش ئەگەرێکی تری سەرکەوتن بۆ پرۆژەی چاکسازی فەراهەم دەهێنین، ئەمەش بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی (بەشداریی کاریگەر و موعارەزەی جددی) جێبەجێ دەکرێت.

بەم سیاسەتە ڕووبەڕووی گەندەڵی دەبینەوە، هەوڵ دەدەین بە هۆی ئەم سیاسەتەوە ئەو هۆکار و هەل و مەرج و میکانیزم و دیسپلین و زەمینە و کەش و هەوایانەی کە بەرهەمهێنی گەندەڵین دەستنیشان بکەین و بە هاوکاریی هەموان چارەسەری گونجاوی بۆ دابنێین، واتە لە رێگەی پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتەوە دەرفەتی جۆراوجۆر لە دەرەوە و ناوەوەی دەسەڵات بۆ پرۆژە چاکسازییەکە ساز و ئامادە دەکەین، بەم پێیە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان روبەڕووی چاکسازی لە ناو ئەزموونی سیاسیمان فراوان دەکات نەك دەستبەرداری بووبێت، ئیدی لەم سۆنگەیەوە (بەشداربوون و موعارەزەبوون) بە

هەردووکیانەوە دەبنە ئامرازی پەرەپێدان و بەرەوپێشبردنی پرۆژەی چاکسازی نەك تەنها یەکێکیان، ئەزموونی حکومڕانیی سویسرا لەو ئەزموونانەیە کە ئەم دوانەی پێکەوە گرێ داوە و بە یەکێك لە شاکارەکانی ئەزموونی دیموکراسیی دونیا دەژمێردرێت.

ئەوەی شوێنگەی (بەشداری و موعارەزە) دیاری دەکات، کە ئایا بەرامبەری یەکترن یان هاوکاری یەکترن، بریتییە لەو زەمینە و کەش و هەوا و حاڵەتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەی ئەو کۆمەڵگای پێدا تێپەڕ دەبێت.

بەپێی ستراتیژی ئێستای ئەمریکا لە عێراقدا و ئەو حاڵەتە سیاسی و دەستورییەی ئێستا عێراقی تێدا دەژی و لە روانگەی ئەو ئامادەیی و ئیرادەیەی حیزبی دەسەڵاتداری کوردی لە پێکەوەنانی ئەزموونەکە کە لە واقعی ساڵانی رابردوودا ناسیومانە و لە دوایەمین پرۆسەی هەڵبژاردندا بەدەرکەوت، ئەو راستییەمان بۆ دەردەخات کە هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە دەسەڵات و ئۆپوزسیۆن بەرامبەر یەکتر دابنرێن بۆ چاکسازی و سنور دارکردنی سیاسەتە هەڵەکان کە لە ژیانی سیاسیدا پەیرەو دەکرێت، هەرچەندە ئەم راستییانە تاڵن، بەڵام ناکرێت ئەزموونی سیاسیمان لە سەر ئەوهام و خەیاڵات پێکەوە بنێین، هەرچەندە لای گەلانی تر ئەو وەهم و خەیاڵاتەی ئێرە راستیی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەستپێکراوی بەرجەستەکراو بن، چونکە دەکرێت حەقیقەتەکانی دوێنێ وەهم و خەیاڵی ئەمرۆ بن یان حەقیقەتەکانی ئەمرۆی کۆمەڵگایەك ببنە وەهم و خەیاڵی کۆمەڵگایەکی تر هەروەك دەکرێت خەیاڵی ئەمرۆ ببێتە حەقیقەتی دوارۆژ ...

ئەم پرسی پێکەوەنانی ئەزموونی سیاسییە پاڵاوانێتییەکی بەهێز و گەورەیە و خاوەن توانا و ئەزموون و لێهاتنەکان دەتوانن براوە بن تیایدا، ئەویش ئەگەر بە پرۆژە و مەنهەج و ستراتیژێکی روونەوە بەشداری بکەن. پاڵەوانێتیش لە چەند قۆناغێك پێك دێت کە هەر قۆناغەی چەندین یاریی تیایە و بە دۆڕاندن لە یارییەك مەرج نییە پاڵاوانێتییەکەت لەکیس بچێت و بە گۆڵێك مەرج نییە یارییەکە بدۆڕێنی، چونکە هێشتا هەم یارییەکە و هەمیش پاڵاوانێتییەکە لە سەرەتادایە. لە سۆنگەی ئەو بیرو بۆچوونانەی سەرەوە دەکرێت بڵێین یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بەم بەشدارییەی دەیەوێت سەکۆیەکی تر بۆ موعارەزەبوون دروست بکات و پرۆژە چاکسازییەکەشی لە هەموو رووبەرەکانی ئەزموونی سیاسیمان جێگیر بکات.